# ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی و پێوەندی بە کایەی ئەدەبی لە ڕۆژاوای ئاسیادا

**نووسینی: حەیدەری خضری**
**لە عەرەبییەوە: د. سالار عەزیز مەحموود**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی بنیات/ بەشی زمانی کوردی)**

**(٢ - ٢)**

**بەراوردکاری لەو دیوی جیهانی عەرەبیدا**

سیفات و خەسڵەتەکانی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی توانیویانە ئەدەبەکە لە بازنەی پاشکۆیی و لاساییکردنەوەی تەواوی ئەدەبی بەراوردکاری ڕۆژاوایی دەرباز بکەن و بیکەنە خاوەن ناسنامەیەکی عەرەبی سەربەخۆ، بەمەش ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی سیماکانی نەخشەی جیهانی عەرەبی هەڵگرتووە. ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە ڕێڕەوی پێشکەوتنی خۆیدا هەر بەوە نەوەستاوە، بەڵکو لە سنووره جوگرافی و زمانەوانییە عەرەبییەکەی دەرچووە و کاریگەرییەکی ڕوون و جۆراوجۆر و قووڵی لەسەر پەیدابوون و پەرەسەندنی ئەدەبی بەراوردکاری لە کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییەکانی وڵاتانی ئیسلامی، بە تایبەتی کوردی و فارسی و تاڕادەیەکیش تورکی و ئۆردی داناوە. بەم جۆرە ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی هەڵگری سیماکانی نەخشەی جیهانی عەرەبییە. لەلایەک، ڕۆڵی ناوبژیکاری لە نێوان بەراوردکاری ڕۆژاوایی و ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهانی ئیسلامیدا دەبینێ و ئەزموونەکانی ناوەندەکانی ڕۆژاوایی بۆ ئەو ئەدەبیاتە گواستووەتەوە و لەلایەکی دی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی توانیویەتی بەشێک لە پەیامە عەرەبی و مرۆڤایەتییەکەی کە لەگەڵ هاوتا ڕۆژاواییەکەی جیاوازە بۆ ناو ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهانی ئیسلامی بگوێزێتەوە بۆ ئەوەی سیماگەلێکی جیهانی پێ ببەخشێ.

بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی کارتێکردنی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی و پەیدابوون و پەرەسەندنەکەی لە جیهانی ئیسلامیدا بە ڕووە دیاریکراوەکەشی لە ڕۆژاوای ئاسیادا بە ڕێگا و بواری جۆراوجۆر بووە. بەشێکی باشی بەراوردکارە عەربەکان بە دەیان ساڵ لە وڵاتەکانی ڕۆژاوای ئاسیا، بە تایبەتی لە ئێران ژیاون. ئەو ئەدیبانە لە ماوەی مانەوەیاندا بە زمانەکانی فارسی و کوردی و تورکی، هەروەها بە عەرەبیش لە بواری وانەی بەراوردی ئەدەبدا وتار و کتێبیان نووسیوە، بەمە بەشدارییان لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەدەبیاتی ئەو وڵاتانەدا کردووە. هەر بۆ نموونە ئەوەی پێوەندی بە زمانی فارسییەوە هەیە، لە دەرکەوتە سەرەتاکانی پەیدابوونی ئەدەبی بەراوردکاری لە ئێراندا، دەتوانین ئاماژە بۆ ناوەکانی حامد عەبدولقادر، حوسێن عەلی مەحفووز، ڤیکتۆر ئەلەک، فارس ئیبراهیم حەریری، یووسف بەکار، صەلاح ئەلصاوی و ئەوانی دی بکەین، کە لە بواری وانەی بەراوردی ئەدەبیدا وتار و کتێبیان بە فارسی بڵاوکردووەتەوە، بە تایبەتی لایەنە پراکتیکیەکەی، لەو کتێبە گرنگانە دەتوانین ئاماژە بۆ کتێبەکانی (متنبی و سعدی و ماخذ مخامین سعدی در ادبیات فارسی- موتەنەبی و سەعدی و سەرچاوەکانی ناوەرۆکی سەعدی لە ئەدەبیاتی فارسیدا)ی ئێراقی



**سەعدی شیرازی**

حوسێن عەلی مەحفووز و (مقامەنویسی در ادبیات فارسی و تاثیر مقامات عربی آن- مەقامەنووسی لە ئەدەبیاتی فارسی و کاریگەری مەقاماتی عەرەبی) میسری فارس ئیبراهیم حەریری و (تاثیر فرهنگ عرب در اشعار منوچهری دامغانی- کاریگەری فەرهەنگی عەرەب لە شیعرەکانی مەنوچەهری دامغانی) لبنانی ڤیکتۆر ئەلەک بکەین، هەروەها ژمارەیەک لە ئەدیبە عەرەبە دانیشتووەکانی ئێران بە زمانی عەرەبی کتێبیان بڵاوکردووەتەوە، لە گرنگەکانیان دەتوانین ئاماژە بۆ ئەم کتێبانە بکەین: (قطاع فی تیار التفاعل بين الادبين الفارسي و الادب العربي- شوێنی بەیەک گەیشتنی ڕەوتی کارتێکردن لە نێوان ئەدەبی فارسی و ئەدەبی عەرەبیدا) ی صەلاح ئەلصاوی و کتێبی (الايرانيون والادب العربي- ئێرانییەکان و ئەدەبی عەرەبی) قەیسی ئال قەیس. کاریگەری هەندێک لەم کتێبانە لەسەر ناوەندە ئەدەبییەکانی بەراوردی ئێرانی زۆر بەهێز بوو. بۆ نموونە کتێبی (متنبی و سعدی و ماخذ مخامین سعدی در ادبیات فارسی) حوسێن عەلی مەحفووز کاریگەرییەکی پێچەوانەی لەسەر ناوەندە ئەدەبییەکانی بەراوردی ئێرانی هەبوو، چونکە لە تای تەرازووی کاریگەربوونی سەعدی شیرازی بە موتەنەبی زیادەڕەوی کرابوو. کاردانەوەی ئەدیبە بەراوردکارە ئێرانییەکان بە شێوەی نووسینی لێکۆڵینەوە و وتار و کتێبی زۆر بوو و تێیاندا تای تەرازووی توانایی و باشی سەعدی شیرازییان بەرانبەر بە موتەنەبی دەرخستبوو. لەو کتێب و وتارانە: ئەمیر مەحموودی ئەنوار و مەهدی موحەقیق ساڵی ١٩٥٨ وتارگەلێکیان لە نیشاندانی باشی سەعدی شیرازی بەرانبەر بە موتەنەبی بڵاوکردبووەوە. لە ساڵی ٢٠٠١ جارێکی دی ئەنوار کتێبێکی دی دەربارەی بابەتەکە بڵاوکردووەتەوە و تێیدا زیادەڕۆیی کردووە لە تای تەرازووی توانایی و باشی سەعدی شیرازی بەرانبەر بە موتەنەبی. لە کۆتاییدا هەر بە هەمان کۆنتێکست ساڵی ١٩٩٨ لێکۆڵینەوەیەکی ئەمەل موحەمەد و ساڵی ٢٠٠٨ بە هەمان کۆنتێکست لێکۆڵینەوەیەکی صادقی عەسکەری بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەم جارەیان مەبەست لێی بۆ دانانی سنوورێکی ناوەڕاست و لۆژیکی بوو بۆ پێوەندی نێوان سەعدی شیرازی و موتەنەبی. کاریگەری ئەدیبە عەرەبە دانیشتووەکانی ئێران و زیارەتکارانی وڵاتانی ڕۆژاوای ئاسیا هەر لە بواری دانانی کتێبدا نەبووە، بەڵکو کاریگەرییەکی ڕوونیشیان لەسەر ناوەندە بەراوردکارەکانی ڕۆژاوای ئاسیادا هەبووە لە میانەی وۆرک شۆپ و کۆنفراس و ئەو دیدارانەی لەگەڵیاندا ئەنجام دراون (العاکوب، «مرواریدها»، ص ص ٢٠-٢٧؛ بکار، «خیمه»، ص ص٧-١٧).

هەر سەبارەت بە بابەتەکە، دەتوانین ئاماژە بۆ کاریگەری ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لەسەر کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییە بەراوردکارییەکانی جیهانی ئیسلامی بکەین، بە تایبەتی فارسی و کوردییەکەی، کە ئەمەش لە ڕێگای دەرچوونی ناوەندە بەراوردکارییەکان و ئەدیبە بەراوردکارە نێرراوەکانی زانکۆ عەرەبییەکان بووە. بێ گومان، ئەو بەراوردکارانە لە ماوەی مانەوەیاندا لە وڵاتە عەرەبییەکاندا هەڵگری ئەو ئایدیا و زانیارییانە دەبن کە لەو ناوەندانە وەریانگرتووە. لەو کەسە بەناوبانگانە دەتوانین ئاماژە بۆ مورتەزای شیرازی بکەین کە بە سەرپەرشتی موحەممەد غونەیمی هیلال دەرچووە و کتێبی (ئەدەبی بەراوردکاری) بۆ فارسی وەرگێڕاوە و وەرگێڕانەکەی بە یەکەم پێشەوازی دەژمێردرێت بۆ وەرگێڕانی کتێبێکی عەرەبی لە ناوەندە بەراوردکارییەکانی ئێرانیدا، هەروەها صادقی عەسکەری کە دەرچووی زانکۆکانی لبنانە و نووسەرێکی بەناوبانگە و کتێبی (الحكمة بين المتنبي و سعدي: دراسه مقارنة - حیکمەت لە نێوان موتەنەبی و سەعدی: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری) نووسیوە. جگە لەمانە ژمارەیەکی باشی ئەدیبە بەراوردکارە کوردەکان لە زانکۆ عەرەبییەکان دەرچوونە؛ بە تایبەتی لە زانکۆکانی سووریا و ئێراق. بێ گومان لە دەیەکانی دواییدا ژمارەی ئەدیبە

بەراوردکارە فارس و تورک و کوردە نێرراوەکان بۆ زانکۆ عەرەبییەکان لە زیادبوونێکی بەرچاودا بووە.

سەرباری هەموو ئەو کارانە، بەهێزترین ڕێگای کاریگەربوون بە ئەدەبی عەرەبی بەراوردکاری لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی وانەی ئەدەبی بەراوردکاری وڵاتانی ڕۆژاوای ئاسیادا لە پێشوازیکردنی ئەو وەرگێڕانە بێ وێنانەی کتێب و وتارە عەرەبییەکاندا دەبینین کە دەربارەی ئەدەبی بەراوردکاری بوونە. ئەم بزاڤی وەرگێڕانە لە بواری وانەی بەراوردکاری ئەدەبدا لە عەرەبییەوە بۆ زمانەکانی فارسی و کوردی مایەی گرنگی پێدانە؛ بە ڕادەیەک کە زۆر زیاتر و چالاکترە لە بزاڤی وەرگێڕان لە زمانە ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکانی دیدا. بۆ نموونە کتێبی (الادب المقارن- ئەدەبی بەراوردکاری) موحەممەد غونەیمی هیلال ساڵی ١٩٩٤ وەرگێڕرا (ادبیات تطبیقي). کتێبی (تاثیر الحکم الفارسیة في الادب العربي في العصر العباسي: دراسة تطبیقیة في الادب المقارن- کاریگەری پەندە فارسییەکان لە ئەدەبی عەرەبی سەردەمی عەباسی یەکەم: لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکییە لە ئەدەبی بەراوردکاری) عیسا عاکوب ساڵی ١٩٩٥ (تاثیر پند) وەرگێڕرا، هەروەها کتێبی (مؤثرات عربیة و اسلامیة في الادب الروسي - کاریگەرییە عەرەبی و ئیسلامییەکان لە ئەدەبی ڕووسیدا) مەکارمی ئەلغوماری ساڵی ١٩٩٩ وەرگێڕرا. (تاثیر فرهنگ) و کتێبی (الادب المقارن- ئەدەبی بەراوردکاری) تەها نەدا لە ساڵەکانی ٢٠٠١، ٢٠٠٤، ٢٠٠٥ (ادبیات تطبیقي) و کتێبی (في الادب المقارن: دراسات في نظریة الادب و الشعر القصصي- ئەدەبی بەراوردکاری: چەند لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە تیوری ئەدەب و چیرۆکە شیعر)ی موحەممەد عەبدولسەلام کەفافی لە ساڵی ٢٠٠٣ (ادبیات تطبیقي) و کتێبی (الترجمات العربیة لرباعیات الخیام: دراسة نقدیة- وەرگێڕراوە عەرەبییەکانی چوارینەکانی خەیام: لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگری) یووسف بەککار (رباعیات) و کتێبی (تولستوی و دوستویفسکي في الادب العربي- تۆلستۆی و دۆستۆیڤسکی لە ئەدەبی عەرەبی) مەمدووح ئەبو ئەلوەی ساڵی ٢٠٠٦ (پذوهش) و کتێبی (الادب المقارن: دراسات تطبیقیة في الادبین العربي و الفارسي- ئەدەبی بەراوردکاری: چەند لێکۆڵینەویەکی پراکتیکی لە ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا) موحەممەد ئەلسەعید جەمالەددین ساڵی ٢٠١٠ (ادبیات تطبیقي) و کتێبی (نقوش فارسیة علی لوحة عربیة: مقالات في الفکر الاسلامي و الادب المقارن- نیگارە فارسییەکانی تابلۆی عەرەبی: وتارگەلێک لە هزری ئیسلامی و ئەدەبی بەراوردکاری) موحەممەد ئەلسەعید جەمالەددین ساڵی ٢٠١٠ (نیگارە) و لە کۆتاییدا کتێبی (مقاربات تطبیقیة في الادب المقارن- نزیککارییە پراکتیکییەکانی ئەدەبی بەراوردکاری) ماجدە حەموود ساڵی ٢٠١٢ وەرگێڕدراون. جگە لەم کتێبە عەرەبییانەی کە بۆ زمانی فارسی وەرگێڕدراون دەبینین کتێبی (لە ئەدەبی بەراوردکاریدا) ی موحەممەد عەبدولسەلامی کەفافی لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕراوە. ئەم وەرگێڕانە بە یەکەم پێشوازی وەرگێڕانی ناوەندە بەراوردکارییە کوردییەکان بۆ ئەدەبی بەراوردکاری دەژمێردرێت. پشکی زمانی عەرەبی لە چواردە کتێبی تیوریدا بۆ زمانی فارسی نۆ کتێب بووە. تا ئێستا تەنیا کتێبێکی وەرگێڕراویش بۆ زمانی کوردی لە پشکی زمانی عەرەبییەوە بووە. ئەگەر لیستی کتێبە پراکتیکییە عەرەبییە وەرگێڕاوەکانمان بۆ ئەم زمانانە خستە سەر کە پێوەندییان بە ئەدەبی بەراوردکارییەوە هەیە ژمارەکە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. سەرباری ئەمانە ژمارەیەکی باشی وتار لە هەردوو بواری تیوری و پراکتیکی وانەی بەراوردی ئەدەبی بۆ ئەم زمانانە وەرگێڕراون (بکار، «دست»؛ الخطیب، «ترجمة»؛ جمال الدین، «شاهنامە»)، هەروەها نامە و تێزی زانکۆیی زۆر لەم وڵاتانە دەربارەی کەتواری وانەی بەراوردی ئەدەبی وڵاتە عەرەبییەکان و پێشەنگەکانی نووسراون (بڕوانە براندوجی، موسوی، ندا، ادبیات تطبیقي و«شرح»).

پێشوازی گەرمی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵەکانی وانەی بەراوردی ئەدەبی لە وڵاتانی ڕۆژاوای ئاسیادا دیاردەگەلێکی سەرنجڕاکێشی بە دوای خۆیدا هێنا؛ چ لە فۆرمی وەرگرتنی ئاسایی و ڕەخنەیی و ئەکادیمییەوە، چ لە دۆزینەوەی ئاراستە عەرەبییەکەی لە وانەی بەراوردی ئەدەبی ئەم وڵاتانە و ڕەنگکردنی ئەدەبی بەراوردکاری بە بۆیە عەرەبییەکەی. بەرجەستەترینی ئەو دیاردانە لە گۆڕەپانی ئەدەبی بەراوردکاری ئەم وڵاتانە لە خودی «زاراوەی ئەدەبی»دا دەردەکەوێت، هەروەها لە فۆرم و ناوەرۆکی کتێبە دانراوە بەراوردکارییەکان و لەو پێگە گرنگەی کە بۆ زمانی عەرەبی لە زانکۆ و بەشەکانی ئەدەبی بەراوردکاری ئەم وڵاتانەدا تەرخان کراوە، دەردەکەوێت.

ئەوەی پێوەندی بە زاراوەی «ئەدەبی بەراوردکاری»یەوە هەیە، کاریگەرییەکی ڕوونی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لەسەر پەیدابوونی زاراوەکە و پەرەسەندنی لە ئەدەبیاتی ئەم وڵاتانەدا هەیە، بە تایبەتی ئەدەبی فارسی و تورکی و کوردی و ئۆردی. زاراوەکانی «ادبیات



**محەمەد غونەیمی هیلال**

سنجشی»، «ادبیات مقایسه‌ای» و «ادبیات تطبیقی» لە فارسی و هەر دوو زاراوەی «کارشلاشترمالی ادبیات» و «موکایسلی ادبیات» لە تورکی و «ئەدەبیاتی بەراوردکاری» لە کوردی و «تقابلی ادب» لە ئۆردی بەرانبەر «الادب المقارن» بەکاردێت. ئەم زاراوانە کە لە وشەی هاوردەی سەردەمە کلاسیکەکانی زمانی عەرەبی پێکهاتووە، پشکێکی گەورەی چەمکە عەرەبییەکانی«بەراوردکاری» لە میراتی عەرەبی- کلاسیکی لە ناو خۆیدا هەڵدەگرێت. سەرباری ئەمە، زاراوەی «ادبیات موازنه ای» کە لە فارسیدا بۆ گوزارشت کردن لە بەراورد و هاوسەنگییەکانی ناو هەمان زمان بەکاردێت، ڕاستەوخۆ لە ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی وەرگیراوە و هی عەرەبییەکەش لە میراتی عەرەبی- کلاسیکی وەرگیراوە و دەرکەوتەکانی لەو هاوسەنگیانەی کە لە ناو کولتووری عەرەبیدا کراون، دەبینین. زاراوەی «موکایسلی ادبیات» (موقایسەلی ادبیات) لە تورکی، وشەی «موقایسە»ی لە ڕێگای فارسییەوە لە سەردەمە کلاسیکە عەرەبییەکان وەرگرتووە. خودی زاراوەکە چەمکێکی عەرەبی- فارسی لە پرۆسەی «بەراوردکاری»دا هەڵگرتووە (بڕوانە خضری، ایستاده؛ Engintun; Aytaç). بە هەمان شێوە لە زمانی ئۆردیشدا زاراوەی «تقابلی ادب» وشەی (تقابل)ی لە ڕێگای فارسییەوە لە سەردەمە کلاسیکە عەرەبییەکان وەرگرتووە (بڕوانە قزلباش). ئەم کارە لە ئەدەبی کوردیدا زۆر ڕوونترە، چونکە زاراوەی«ئەدەبی بەراوردکاری» لە زمانی ئینگلیزی، یان فەرەنسی وەرنەگێڕراوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ بۆ یەکەم جار لە زاراوەی «الادب المقارن»ەوە وەرگێڕراوە و بەکارهاتووە؛ هەروەک لە پێشەکی یەکەم کتێبی کوردی دەربارەی ئەدەبی بەراوردکاری ئاماژەی بۆ کراوە(گەردی، ل٥). جگە لەم کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیەی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لەسەر چەمکی «المقارنة» لە ئەدەبیاتی وڵاتانی ئیسلامیدا، کاریگەرییەکی بەهێزی دیکەی کولتووری عەرەبی لەو وڵاتانەدا لە چەمکی «الادب» و تیورەکەیدا دەبینین؛ چونکە چەمکی (الادب) لەم ئەدەبیاتەدا - دواتریش لە زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا- هەڵگری پشکێکی گەورەی میراتی کلاسیکی عەرەبییە. فرە سەرچاوەیی چەمکی «ئەدەب» و «بەراوردکاری» (چ لە میراتی عەرەبی - ئیسلامی کلاسیکی لە لایەک و چ لە میراتی نوێی ڕۆژاوایی لە لایەکی دیکەوە) بینینێکی جیاوازی لە نێوان ئەم ئەدەبیاتە و ئەدەبیاتی ڕۆژاوایی دەربارەی ئەدەبی بەراوردکاری بەدی هێنا. سەرباری زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری، لە ئەنجامی ئەو کاریگەرییە بەهێزەی ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لەسەر کۆڕ و کۆمەڵەکانی وانەی بەراوردی ئەدەبی، هەندێک زاراوەی دیش بەدی هاتوون. زاراوەکانی قوتابخانەی عەرەبی و قوتابخانەی ئیسلامی و هاوسەنگی ئەدەبیات (یا ادبیات موازنه ای) صورولۆجی و لێکۆڵینەوەکانی پێشوازی و قوتابخانەی سلاڤی و... تاد ڕاستەوخۆ لە ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی وەرگیراوە(بڕوانە پروینی و گەنجوریان؛ میرقادری و کیانی).

جگە لە خودی زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری، دیاردەکانی کاریگەری ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە ئەدەبیاتی وڵاتانی ئیسلامی، بەتایبەتی فارسی و کوردییەکەی لە شێوەی نووسینی کتێب و بڵاوکراوە و ناوەڕۆکەکانیدا دەبینین. چەندایەتی گەورەی ئەو گۆڤارانەی کە هەڵگری ناوونیشانەکانی (بەراوردکاری)یە لە ئێران تەوەری سەرەکییان دەربارەی ئاراستە عەرەبییەکەی ئەدەبی بەراوردکارییە، هەروەها دەربارەی پێوەندییەکانی فارسی - عەرەبین. بۆ نموونە لە ناو ئەو شەش گۆڤارەی کە تایبەتمەندن بە وانەی بەراوردی ئەدەبی سێیان بە تەواوی بۆ پێوەندییەکانی عەرەبی- فارسی و ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی- فارسی تەرخان کراون و زمانی گۆڤارەکانیش عەرەبی و فارسین. سێ گۆڤارەکەی دیش ئەگەرچی بە زمانی فارسین، بەڵام پێوەندییەکانی عەرەبی- فارسی پشکی گەورەی وتارە

بڵاوکراوەکانی سەر لاپەڕەکانی پێک دەهێنێ. بە شێوەیەکی گشتی ئەم گۆڤارانە بەشێکی باشی وتار و لاپەڕەکانیان بریتین لە کەتواری وانەی بەراوردی ئەدەبی لە جیهانی عەرەبی و پێشەنگاکانی (خضري، الدراسات، ص ١٢٦-١٢٨) و ڕەخنەگرتن لەم لێکۆڵینەوانە و پرۆسەی بەراوردکاری لە نێوان عەرەبی و فارسی، هەروەها چەندایەتییەکی زۆری ئەم وتارانە بە زمانی عەرەبی نووسراون و سەرچاوە عەرەبییەکانیش لە بواری وانەی بەراوردی ئەدەبییدا دەکاتە سەرچاوەیەکی سەرەکی خۆی. جگە لەم گۆڤار و گوتارانە یەکێک لە دیاردە بەرجەستەکانی کاریگەری ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە ئەدەبیاتی وڵاتە ئیسلامییەکان دەبینین؛ کە ئەویش خۆی لە پرۆسەی دانانی کتێبی تیوری و پراکتیکی لە بواری وانەی بەراوردی ئەدەبی ئەم وڵاتانەدا دەنوێنێ. بۆ نموونە لەو شەش کتێبەی کە لە ئێراندا بڵاوکراونەتەوە، چواریان بە زمانی عەرەبی نووسراون (صابري؛ سيخي؛ پرويني؛ خضري. الادب المقارن). بەم جۆرە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زیاتر لە سەدا پەنجای کتێبە تیورییە ئێرانییەکانی بواری وانەی بەراوردی ئەدەب بە زمانی عەرەبین و زیاتر لە هەشتا و حەفت لە سەدی کتێبەکان ڕاستەوخۆ بە ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی - فارسی گرێ دراون.

ئەم کتێبانە- بەتایبەتی ئەوانەی بە زمانی عەرەبی نووسراون- تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە پشتیان بە کتێبە عەرەبییەکان بەستووە؛ بە تایبەتی کتێبەکانی (الادب المقارن - ئەدەبی بەراوردکاری) موحەممەد غونەیمی هیلال و (آفاق الادب المقارن عربيا وعالميا - ئاسۆ عەرەبی و جیهانییەکانی ئەدەبی بەراوردکاری) حوسام خەطیب و (مدارس الادب المقارن- قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری) سەعید عەلوش. لە لیستی سەرچاوەکانی زۆربەی ئەو کتێبانەدا تەنیا ناوی کتێب و ژێدەرە عەرەبییەکان دەبینین. پشت بەستن بە سەرچاوەی عەرەبی لە هەندێک لە کتێبەکاندا دەگاتە لاساییکردنەوەیەکی تەواو، یان لادان و هەڵگەڕانەوە، بگرە دەگاتە دزینی ئەدەبیش(خضري. الدراسات، ص ص ١٢٦- ١٢٨). پشت بەستن بە سەرچاوەی عەرەبی، بە تایبەتی (ئەدەبی بەراوردکاری)یەکەی غونەیمی هیلال، لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لە تەنیا کتێبێکی دانراوی زمانی کوردیدا دەبینین (بڕوانە گەردی). بە هەمان شێوە لە بواری وانەی بەراوردی ئەدەبی لە ئێراندا، پشت بەستن بە سەرچاوەی عەرەبی لە وتار و گۆڤار و کتێبە نووسراوە عەرەبییەکانیشدا دەبینین، هەروەها زمانی عەرەبی پشکێکی گەورەی لە ژمارەیەک لە کۆنفرانسە«نیشتمانی» و وۆرک شۆپەکان لە ئێران و تورکیا و کوردستاندا پێک دەهێنێت. ئەگەر چاوپۆشی لە بەشی سەربەخۆی ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەنجوومەنی زمانی فارسی لە تەهران بکەین، لە زانکۆکانی ئێراندا دوو بەشی تایبەت بە ئەدەبی بەراوردکاری ناوونیشانی «ئەدەبی بەراوردکاری فارسی- عەرەبی» دا هەیە. جگە لەوانەی کە باس کران، حەفتانە دوو کاتژمێر ماددەی ئەدەبی بەراوردکاری لە بەشەکانی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و زمان و ئەدەبی فەڕەنسی لە قۆناغی بەکالۆریۆسی زانکۆکانی ئێرانیدا دەخوێنرێت. بەرانبەر بەوە پلانی خوێندن لە قۆناغەکانی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرای بەشەکانی زمان و ئەدەبی فارسی بە تەواوی خاڵییە لە هەر ماددەیەکی خوێندن لە ژێر ناوونیشانی ئەدەبی بەراوردکاری. لە کاتێکدا ماددەکە لە بەشەکانی زمانی عەرەبی لە قۆناغەکانی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرادا هەیە. زۆربەی وتار و کتێب و نامە زانکۆییەکانی پێوەندیدار بە ئەدەبی بەراوردکاری لە بەشەکانی زمانی عەرەبیدا نووسراون (بزرگ جمی، ص ص ١٤٦- ١٤٧)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زمانی عەرەبی لە دەرەوەی سنووری جوگرافییەکەی لەگەڵ ئەدەبی بەراوردکاری فارسی و کوردی و تا ڕادەیەکیش لەگەڵ تورکی و ئۆردیدا نزیک دەبێتەوە و بەیەک دەگات؛ چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئاشنا بوون بە ئەدەبی بەراوردکاری جیهانی ئیسلامی و لێکۆڵینەوە لە بوارەکانیدا، بە دیاریکراویش لە وڵاتانی ڕۆژاوای ئیسلامیدا، پێویست بە زانینی زمان و ئەدەبی عەرەبی دەکات، ئەمەش بە یەکێک لە دیاردە گرنگەکانی کاریگەری ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە ناوەندەکانی ئەدەبی بەراوردکاری جیهانی ئیسلامی دەژمێردرێت و لەو ڕێگایەوەش زمانی عەرەبی بە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە پرۆسەی بەراوردکاری جیهانی ئیمڕۆماندا دەگەیەنێت (Said 305).

پاش هەموو ئەوانەی کە باسکران، دەتوانین نەخشەیەکی ڕوونتر و تەواوتری ئەدەبی بەراوردکاری لە جیهانی عەرەبیدا بکێشین. ئەو ئەدەبەی کە بە ژمارەی زۆری دانراوە تیوری و وەرگێڕراوەکانی لەگەڵ هاوتاکانی لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتدا جودا دەکرێتەوە، هەروەها بە کۆششە نەپساوەکەی بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی عەرەبی، یان ئیسلامی و بوارەکانی لێکۆڵینەوە تێیاندا دەناسرێتەوە. لە کۆتاییدا ڕۆڵی ناوبژیکەر دەبینێ لە

نێوان کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییە بەراوردکارییە عەرەبییەکان و هاوتاکانی لە جیهانی ئیسلامی و ڕۆژاوای ئاسیادا، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ لە پەیدابوونی ئەدەبی بەراوردکاری و پەرەسەندنی لە دەرەوەی سنووره جوگرافی و زمانەوانییەکەی لە جیهانی ئیسلامیدا و بە دیاریکراویش لە وڵاتانی ڕۆژاوای ئاسیادا.

ئەگەر یەکەم تێکستی پراکتیکی عەرەبی لە بواری وانەی بەراوردی ئەدەبدا لە ترسی ناوەندە سیاسی و ئایینی و ئەدەبییەکان، بێ ناوی دانەرەکەی بڵاوکرابێتەوە، ئەوە لە ماوەی سەدەیەکدا تێبینی دەکەین ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی دەگاتە ئەو پلە شایستەیەی کە ژمارەیەکی زۆری دانەرانی هەموو بوارە جۆراوجۆرەکان، جا چ لە دەرەوەی وانەی بەراوردی ئەدەبی، یان لە ناوەوەی بێ، ناوونیشانی بەراوردکارانە بۆ دانراوەکانیان و خۆیان هەڵدەبژێرن؛ چونکە ئەدەبی بەراوردکاری نەک هەر تەنیا لە جیهانی عەرەبی، بەڵکو لە دەرەوەشی ڕێڕەوێکی گونجاوە بۆ ناساندن و ناوبانگی خۆیان و دانراوەکانیان(٦١)، هەروەها ئەگەر دەرکەوتنی یەکەمی زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری بە مانا ئەکادیمییەکەی لە جیهانی عەرەبیدا شەرمەندە و لاواز و تەمومژاوی بووبێ، بە ڕادەیەک کە هینداوی - ئەو کەسەی یەکەم جار زاراوەکەی بەکارهێنا- نەیتوانیبێ هاوواتا فەڕەنسییەکە بەکاری بهێنێ؛ ئەوە لە ماوەی سەدەیەکدا ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی توانی ناسنامە و سەرخۆبوونێکی تایبەت بۆ خۆی دابمەزرێنێ، بگرە توانی بگاتە پلەیەکیش لە ئەدەبی بەراوردکاری ئەدەبیاتی وڵاتانی ئیسلامی و ڕۆژاوای ئاسیا، بە تایبەتی لە فارسی و کوردی، تا ڕادەیەکیش لە تورکی و ئۆردیدا، بە جۆرێک کە ئەو ئەدەبیاتە لە ڕوونکردنەوەی مانای ناوەرۆکی ئەدەبی بەراوردکاری و کۆمەڵە زاراوەیەکی بەراوردکاری دیدا پشتیان پێ دەبەست. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە سەرەتای لە دایکبوونییەوە هاوردەیەکی پوختی ئەدەبی بەراوردکاری ڕۆژاوایی بووبێ و - لە باشترین حاڵەتەکانی- بە نیسبەت ئەدەبی بەراوردکاری ڕۆژاوایی ڕۆڵێکی پەراوێزی هەبووبێ، ئەوە لە ماوەی سەدەیەکدا توانی ببێتە ناردەیەکی ئەدەبی بەراوردکاری بۆ دەرەوەی سنووره جوگرافی و زمانەوانییەکەی و ڕۆڵێکی سێنتراڵی لە ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی لە جیهانی ئیسلامی و ڕۆژاوای ئاسیادا ببینێ و دواتر ببێتە چەقێکی قورسایی گرنگی ئەدەبی بەراوردکاری جیهانی.

**پەراوێزەکان:**

**١٢- لەو بیبلۆگرافیایەی کە ئامادەم کردووە، ژمارەی کتێبە تیۆرییە وەرگێڕراوەکان بۆ زمانی عەرەبی لە بواری وانەی بەراوردکاری ئەدەبیدا لە ساڵی ١٩٤٨ تا ساڵی ٢٠١٢ بیست و یەک کتێبە، هەروەها ژمارەی کتێبە تیۆرییە دانراوەکان لە هەمان ماوەدا دەگاتە سەد و چل و حەفت کتێب (بڕوانە خضری، الادب المقارن).**

**١٣- هەر بۆ نموونە، لە زانکۆی زەهرای تەهران، لە هاوینی ٢٠٠٦دا، وۆرک شۆپێ «لە ڕەخنەی ئەدەبییەوە بۆ ئەدەبی بەراوردکاری» بە ئامادەبوونی یووسف بەککار و عەبدولنەبی ئەصطیف ساز کرا.**

**١٤- بۆ نموونە، «کۆنفرانسی نیشتمانی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری» (بناب ١٢٩٠) و «کۆنفرانسی نیشتمانی بۆ ئەدەبی بەراوردکاری» (کرمانشاه ١٩٣١) لە ئێران و «کۆنفرانسی نێودەوڵەتی چوارەم بۆ ئەدەبی بەراوردکاری» کە لە زانکۆی کریک کەلعە لە تورکیا ساڵی ٢٠١٢ ڕێکخرا.**

**١٥- بەشی ئەدەبی بەراوردکاری فارسی- عەرەبی لە زانکۆی عەلامە طباطبایی لە تەهران و بەشی ئەدەبی بەراوردکاری فارسی- عەرەبی لە زانکۆی شەهید باهونەر لە کرمان.**

**١٦- سەرنجڕاکێشە ناوەندە سیاسی و ئایینی و ئەدەبییە عەرەبییەکان سێنتراڵی خۆیان لە دەست داوە، لە کاتێکدا ئەدەبی بەراوردکاری عەرەبی بۆ خۆی لە بەرانبەردا سێنتراڵێکی دی بۆ خۆی بدۆزێتەوە.**

**سەرچاوە:**

**Haidar Khezri, ?Arabic Comparative Literature: Intersections with West Asian Literature", Alif: Journal of Comparative Poetics; (New paradigms in the study of Middle Eastern Literatures), American University in Cairo, No 35, pp. 40 ? 67. http://schools.aucegypt.edu/huss/eclt/alif/recent/Pages/default.aspx#35**